# پاشایان و شۆڕشگێران

## دەربارەی زنجیرەی "گەمەی تەختەپاشاییەکان"

**هاوار محەمەد**



ی کانونی یەکەم ٢٠٢٢ وتار

سەرنجێک:

ئەم وتارە چەند ڕۆژێک دوای کۆتاییهاتنی دوا بەشی زنجیرەی "گەمەی تەختەپاشاییەکان" نووسراوە و ئەو کات لە سایتی "چەپی نوێ" بڵاو کرایەوە. دوو هۆکار هەبوون وایان لێ کردم بیر لەوە بکەمەوە لە سایتی "ژنەفتن" دیسانیش دایبنێینەوە. یەکەم، سایتی چەپی نوێ داخراوە و وتارەکەیش لەو کاتەوە لە هیچ سایتێکی دیکەی گشتی بڵاو نەکراوەتەوە. دووەم، ئەم وتارە ڕەخنەیە لە وتارێکی سلاڤۆی ژیژەک کە دەربارەی زنجیرەی ناوبراو نووسیبووی؛ وتارەکەی ژیژەک ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا بە زمانی کوردی

له سایتی ژنەفتن بۆ جاری دووەم بڵاو کرایەوە[1]. پێم باش بوو منیش وتارەکەم دابنێمەوە تاوەکوو، وەک کاتی خۆی، هەمدیس ببێتە گفتوگۆیەک لەگەڵ وتارەکەی ئەو بیرمەندەدا. بەلای منەوە تەفسیری ژیژەک بۆ زنجیرەکە، کە لێرەدا لە سێ خاڵدا کۆی دەکەمەوە، تاکرەهەند و لاوازە:

1. ژیژەک کارەساتەکەی شاژن دێنیریسی تارگێری وەک *فانتازیایەکی پیاوانە* دەبینێت، واتە پیاوە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرەکانی زنجیرەکە ویسووتایە "ژن" وەک وێرانکەرێک وێنا بکەن و تاوانەکانی مرۆڤایەتی سەربهاوێژن.

2. دێنیریس "تاک"ـە سوبێکتی شۆڕشگێڕی زنجیرەکەیە و دەیشبوو زنجیرەیەکی ئەمریکیی لیبراڵی، شۆڕشگێڕ بگۆڕێت بە "ستەمکار"ێک، بەمەیش ئەو تەنیا وێرانکەری شانشینێک و وێرانکەری شۆڕشێک نییە؛ بەڵکوو بە گوێرەی زنجیرەکە: هەر شۆڕشێک تەنیا سەری لە وێرانکارییەوە دەردەچێت.

3. بۆ ژیژەک کارەکەی دێنیریس مایەی "شۆک"ـە، چونکە بڕیارە "چاوەڕواننەکراو"ەکەی ئەو لە کۆتا بەشدا، کە دەبێتە مایەی سووتاندنی کینگزلاندینگ، "خودی زنجیرەی ناوەکیی گێڕانەوە"ی چیرۆکەکە خاپوور دەکات. ئەمەیش "لۆژیکی" نییە. دێرنیسێکی شۆڕشگێڕ و ڕزگارگەر، ناکرێت بەبێ بوونی زەمینەیەکی سەردی ببێت بە "ستەمکار"ێکی ملهوڕ.

ئەم وتارەی ئێمە وەڵامدانەوەی ئەم سێ خاڵەیە و تێیدا خوێنەر خۆی دەتوانێت ڕەخنە لە هەریەکێکیان بدۆزێتەوە. بەڵام ئەوەی ئێستا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە شۆڕشی ئەم دواییەی ئێران، بۆچوونە سەرەکییەکانی نێو ئەم وتارەی سەلماند. من وتارەکەم لەسەر ئەو گریمانەیە داڕشتووە کە ئەستەمە ئەوانەی زۆر بنەچەخوازن ببنە شۆڕشگێڕ، لەبەر ئەوەی خودی نەزمی بنەچەخوازی (لەوانە پاشایەتی و میرزادەیی) ناکۆکە بە شۆڕش، لایەنی کەم بە گوێرەی تێگەیشتنە مۆدێرنەکان. شا و شازادەکان، ئەمیر و ئەمیزادەکان، تەنانەت گەر بەشداری لە شۆڕشیشدا بکەن، خودی دۆزەکەیان پۆتێنشیەڵە شۆڕشگێڕییەکەیان پووچەڵ دەکاتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت خۆیان لە هەموو ناونیشانێکی بنەماڵەیی بێبەش بکەن. ئەمەیش کارێکی نزیک لە مەحاڵە. بە پێچەوانەوە، شۆڕشگێڕان ئەوانەن کە هیچ ناونیشانێکیان نییە؛ بەهۆی دۆزی بنەماڵەوە ڕاناپەڕن، ئامانجیان هەڵپە بۆ دەسەڵات نییە و داوای "عەرشی دزراو" ناکەنەوە، بەڵکوو لەسەر ئەرزی ڕەق، لە پەراوێزەکانەوە، بەبێ بوونی تایتڵ و خانەوادە، وەک باستاردێک، بە داهێنانی مۆدێلی دیکەی ژیان، بەرەنگاری بونیادی نەزمی باو دەبنەوە. بەلای منەوە لە زنجیرەکەدا دێنیرسی تارگێری مۆدێلی پاشایەتی و جۆن سنۆو مۆدێلی

شۆڕشگێڕی دەنوێنێتەوە. لە شۆڕشی ئێراندا ململانێی ئەم دوو گوتارە، ئەم دوو پارادیمە بۆ شۆڕش دەبینین. شاپەرستان دژ بە کۆماری ئیسلامین، لەبەر ئەوە نا کۆماری ئاخوندان ستەمکارە، تاریکخوازە، فاشیستە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە شۆڕشی ئێرانەوە تاجی پاشایەتی وەلاناوە و بنەماڵەی پەهلەویی فارسی لە حوکم دوور خستۆتەوە. شاپەرستان دەیانەوێت ئەم عەرشە دزراوە بۆ بنەماڵەی وەدەرنراو وەربگرنەوە. بەڵام لە بەرامبەردا، کوردەکان و گەلانی دیکەی ئازادیخوازی ئێران، بە پێشەنگی ژنان، هیچ ڕەوایەتییەکی لەم جۆرەیان نییە، هیچ ناونیشانێکیان نییە کە هەر لەپێشەوە بەهۆیەوە بانگەشەی مافی گرتنەدەستی دەسەڵات بکەن. ڕەوایەتیی ئەوان وا لە خودی ئەو مۆدێلە ئازادیخوازەی ژیاندا کە ئەوان دژ بە مۆدێلی ستەمکاریی ئیسلامی و دژ بە پارادایمی شاپەرستی خەباتی بۆ دەکەن. پاشایەتی هەر بە سروشتی خۆی "تاکخواز"ە؛ ئەوەی ئەوانی تریش بیکەن، وەک "داستان"ی بنەماڵە دەنووسرێنەوە؛ لە کاتێکدا شۆڕش ئەکتی فرەیییەکانە؛ دەستەکۆکان پێکەوە شۆڕش پێک دەهێنن. هەر بانگەشەک بۆ تاکخوازی لە شۆڕشی ئێراندا، لەوانە بانگەشەی تاک-نەتەوەیی (کورتکردنەوەی شۆڕش لە یەک شوناسی ناسیۆنالیستیدا) لە بونیاددا خۆی لە نەزمی تاکخوازی پاشایەتی نزیک دەکاتەوە؛ تەنانەت ئەگەر تا ڕادەی "جەنگ" دژیشی بێت.

دەبێت ئەوەیش بڵێم، دوای نزیکەی دوو ساڵ، کە جارێکی تر بەرهەمەکەی خۆمم خوێندەوە، وا هەستم کرد هەندێک دەستکاری و ئیزافەی بچووکی پێویستە؛ بۆیە یەک دوو بڕگە لە نوسخەکەی پێشتردا نین.

04.12.2022

سلاڤۆی ژیژەک لە وتارێکی نوێیدا دەربارەی زنجیرەی کۆتاییی "یاری تەختە پاشاییەکان"، کۆمەڵێک سەرنجی ورد و سەرنجڕاکێشی دەربڕیووە و لە ڕوانگەی خۆیەوە بە کورتی تەفسیری شۆڕش و ژن و گۆڕان و دەسەڵاتی لەنێو زنجیرەکەدا کردووە. وتارەکە کە بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی ( Game of Thrones tapped into fears of revolution and political women – and left us no better off than before) بڵاو بۆتەوە[2] و سایتی "نێگەتیڤ"یش کردوویانە بە کوردی و بە ناونیشانی "شێتییەکەی دێنیریس فانتازیایەکی نێرانەیە" بڵاویان کردۆتەوە. لە ڕاستیدا، ڕوانگەکەی ژیژەک بۆ

فیلمەکە چاوەڕوانکراو بوو، چونکە لەلایەک دۆزی دینیریس بە تەواوی بابەتێکی دەروونشیکارییە؛ لەلایەکی تر خانمێکی شازادە هەڵگری پەیامی گۆڕانکارییە، عەقڵی ئەمریکی دەیگۆڕێت بۆ ئەژدیهایەک و بەمەیش وێنایەکی ڕەشی شۆڕش دەخاتە پێش چاو، ژیژەکیش بە قەڵسی ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە. کێشەی خوێندنەوەکەی ژیژەک ئەوەیە تەنیا بابەتە دەروونشیکارییەکە و سوبێکتە سیاسییە فۆڕماڵەکەی ناسیوەتەوە؛ بەو مانایەی کۆمەڵێک شۆڕشگێڕ لە زنجیرەکەدا هەن کە بەسەر دوو مۆدێلدا دابەش بوون، بەڵام تەنیا یەکێکیان بە ڕاشکاوی و بە دروشم بانگەشەی بۆ دەکات، لای ژیژەک ئەوە خۆیەتی. جا بۆ ئەوەی تەفسیری ژیژەک نەبێتە تاکە تەفسیری زاڵی نێو کۆمەڵگەی ئێمە و نەبێتە تاکە وێنای فیلمەکە لەنێو خەیاڵدانی بینەرانی زۆروزەبەندی ئێمەدا، ئەوا پیشانی دەدەین کە دەشێت بە جۆرێکی تریش ڕوواوەکان و کارەکتەرەکان و زنجیرەی کۆتایی بخوێنینەوە.

هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی "دێنێریسی تارگێری" لەنێوان دوو ئامانجدا دابەش بووە و لە پارادۆکسێکی ناوەکیدا دەژی. یەکەم: بەدەستهێنانەوەی تەختی ئاسنین وەک دوا میراتگری ڕاستەقینەی بنەماڵە پادشاییەکەی تارگێرییەکان. دووەم: گۆڕینی جیهان وەک شۆڕشگێڕێک. ژیژەک لە خوێندنەوەکەیدا بە تەواوی لایەنی یەکەم فەرامۆشی دەکات و لایەنی دووەم دەبینێت. لە دیوی یەکەمدا دێنێریس بەتەنگ بەدەستهێنانەوەی میراتی پاشایەتییەوەیە، ئەمەیش بە توندی ناکۆکە بە دیوی دووەم، بە خواستی شۆڕشگێڕانەی گۆڕینی جیهان. لە زۆر شوێندا ئەم دوو خواستە بەر یەکتر دەکەون: چۆن دەکرێت جیهان لە ستەمکاران پاک بکرێتەوە بەبێ ئەوەی ڕزگارکەران خۆیان ببن بە ستەمکار؟ ئەمە زەنگەکەی نیچەیە: ئەوەی لەگەڵ ئەژدیهاکاندا دەکەوێتە جەنگەوە دەبێت ئاگای لەوە بێت و ببینێت کە خۆی نەبێت بە ئەژدیها، ئەگەر زۆر تەماشای ناو چاڵێک بکەی، ڕەنگە ئەویش تەماشات بکاتەوە! لە لایەکەوە دێنێریسێکی کۆنەپارێزی ئۆرستۆکراتی دەسەڵاتپەرستمان هەیە کە دەیەوێت بە هەر نرخێک بووە تەختی دزراوی پاشایەتی بەدەست بهێنێتەوە و بۆ ئەمەیش ئامادەیە قوربانی بە عەشقەکەی بدات «ئەگەر ئەتەوێت ئاوا بمێنینەوە ئەوا بەڵێنم پێ بدە ئەم نهێنییە لای هیچ کەسێک نەدرکێنیت»، دێنێریس ئاوا بە جۆن سنۆو دەڵێت. لە جێیەکی تریشدا دەڵێت «خیانەتکاری ڕاستەقینە ڤاریس نییە، بەڵکو جۆن سنۆوە». بۆچی جۆن سنۆو؟ چونکە تازە ئەو نهێنییە دەرکەوتووە کە بە گوێرەی یاسا نەریتییەکان سنۆو میراتگری ڕاستەقینەیە نەک دێنێریس. لەلایەکی ترەوە ژنێکی شۆڕشگێڕمان هەیە کە بانگەشەی ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان دەکات و

دەیەوێت فرەیی بچەسپێنێت. چۆن دەکرێت هاوسەنگیی ئەم دوو لایەنە بپارێزرێت و جیهانێکی نوێ دروست بکرێت؟

مەسەلەکە بۆ ژیژەک ئەوەیە دەرهێنەرەکان ویستوویانە لە زنجیرەی کۆتاییدا بە تیرێک دوو نیشان بپێکێن: یەکەم: *دەرکردنی ژن لە سیاسەت* لە ڕێگەی پرۆجەکشنی دڕندەیی پێوانەوە بۆ سەری؛ دووەم ڕەتکردنەوەی گۆڕانی ڕیشەیی لە ڕێگەی بەکوشتدانییەوە. بەلای ژیژەکەوە بەخشینی ئەو ویستە دڕندانەیە بە "دێنێریس" بۆ وێرانکردنی کینگزلاندینگ بۆ ئەوەیە وێنایەکی دزێو بۆ شۆڕش پیشان بدرێت، گوایە هەمیشە وێرانکاری دێنێت؛ ژنیش ناتوانێت لە ساتێکی هەستیاردا عەقڵانییانە خۆی کۆنترۆڵ بکات و ئەم وێنایەش بە قەستی ئەوەیە لە دەسەلات دوور بخرێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەوەی بۆ ژیژەک مایەی سەرسوڕمانە ئەم گۆڕانە سایکۆلۆژییە نییە، بەڵکوو پچڕانی لۆژیکە سەردییەکەی زنجیرەیەکە و کە بەلای ئەوەوە ئەم گۆڕانە کتوپڕە بونیادی خودی حیکایەتەکە خاپوور دەکات. ژیژەک ئەوە فەرامۆش دەکات گوتاری دێنیریس خۆی هەر لە پێشەوە هەڵگری "شەرعیەتی توندوتیژی"یە، بەو پێیەی ئەو میراتگری بێبەشکراوی تەختە؛ کەواتە هەر ڕێگەیەک بۆ وەرگرتنەوەی تەخت و لەنێوبردنی دوژمن، ڕەوایە؛ ئەمەیش هەر لە هەڵقەی یەکەمەوە لە دڵی چیرۆکەکەدا هەیە، کەواتە ئەم گۆڕانە کوتوپڕە ئاوەژووبوونەوەی لەناکاوی حیکایەتەکە نییە، پێناچێ زنجیرە سەردییەکە خۆی ڕێگەی بۆ ئەمە خۆش نەکردبێ. ئێمە لە فیلمی "باوکی ڕۆحی"دا نموونەیەکی تەواو نزیکمان هەیە: مایکڵ کۆرلیۆنی کوڕی دۆن کۆرلیۆن، تا ئەو ساتەی لە دەرەوەی کاروباری سیاسیی بنەماڵە دەمێنێتەوە و هێشتا لە کورسییەکەی باوکی نزیک نەبۆتەوە، کوڕێکی ئارام و مەنگە؛ عاشقێکی بێزیان تا ئەو ڕادەیەی دەوروبەر بە ساویلکەی تێدەگەن. بەڵام لە ناکاو، لە بەشی دووەمی فیلمەکەدا مایکڵ دەبێتە ستەمکارێکی ئێجگار زرنگ و بە زەبروزەنگ. ئەم گۆڕانە چۆن ڕوویدا بێ ئەوەی ڕەوتی گێڕانەوەی فیلمەکە دابڕمێت؟ هەم بۆ ئەو فەلسەفانەی بڕوایان بە پچڕان و لادان و ڕێکەوتە، و هەم بۆ دەروونشیکاریش کە دژی ڕێکەوتە و لایوایە دەشێت لە هەر ساتێکدا وەحشە خەفەکراوەکانی نێو نائاگایی بەرەڵا ببن، وەها گۆڕانێک غەریب نییە.

لەمەیش زیاتر، هەر لە سەرەتاکانەوە هێنانی سێ دراگۆن بە سەرشانی "دایک!"یانەوەوەک میراتی بنەماڵەی تارگێری، بۆ نێو درامەکە نانەوەی وێرانکارییەکی گەورە وەک ئەگەرێکی بەردەوام قووت دەکاتەوە. دراگۆن لە زنجیرەکەدا سیمولەیشنە دێرینە سینەماییەکەی چەکی ئەتۆمە کە لە هەر ساتێکدا دەتوانێت ئەپۆکالیپس بخولقێنێت: «دراگۆنەکان هەرچییەکیان پێخۆش

بێ دەیخۆن». چەکی ئەتۆم ناتوانێ جیهان بگۆڕێ، تەنیا دەتوانێت وێرانی بکات. بوونی دراگۆنەکان دەبوو هەر ئەم وێرانکارییە بخولقێنین، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە جەنگ دژ بە سوپای مردووەکاندا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان نەبوو. بەم مانایە چاوەڕوانکراو بوو دراگۆنەکان ئەو قیامەتە بۆ مرۆڤ بەرپا بکەن کە دێنێریس لە زنجیرەی کۆتاییدا بەرپای کرد؛ ئێستایش ئەتۆم وا لە دەنگۆی جەنگی سێیەمی جیهاندا، هەڕەشەی خراپتر دەکات. لەمەیش بترازێ، ئێغرای دەسەڵاتی حەوت شانشینەکە خۆی چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت شۆڕشگێڕە گەورەکانیش بگۆڕێت بۆ سەرکردەی گەمژە. شۆڕش هەرچۆن عەقڵانی و دیسپلینکراو بێت، لە ساتی ناعەقڵانییەت پاکژ نابێتەوە و ڕەنگە کوشتنی بێ ئامانج و چێژی لەنێوبردنی لێ بکەوێتەوە.

بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر خودی مێژوو و نەسەبی کچەی شۆڕشگێڕە لەگەڵ عینادی و کەللەڕەقییە هەرە زۆرەکەیدا بۆ وەرگرتنی دەسەڵات هەر لە بەشەکانی سەرەتای زنجیرەکەوە. کەواتە ئەو گۆڕانکارییە زۆریش چاوەڕواننەکراو نەبوو. ئەمە دیوە کۆنزەرڤەتیڤەکەی دێنێریسە کە ژیژەک نایەوێت سەرنجی لێ بدات؛ گەرچی تەواو بابەتێکی دەروونشیکارییە، بەو پێیەی هەمان پرسی "چێژی دزراو"ە لە دەروونشیکاریدا. ئەم خواستە ئەرستۆکراسییە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لە دەروونی دێنێریسدا تێکەڵ بە ویستێکی تر دەبێت کە پێشکەوتنخوازانە و شۆڕشگێڕانەیە: *گۆڕینی دنیا*. ئەو ویستەی دووەم بە ئازادکردنی سوپای *خەسێنراوان* دەست پێ دەکات و دووەمجار بە ڕزگارکردنی کۆیلەکان و ئیدی بەم جۆرە. لەبەر ئەمە ژیژەک پێی وایە دێنیریس "نوێنەری بێبەشان" و چەوسێنراوانە. کەواتە دەبوو بژی بۆ ئەوەی دوای گرتنە دەستی دەسەڵات بەردەوام بێت لە ڕزگارکردنی بێبەشانی دیکە. جا لەبەر ئەوەی بە کوشت درا، ئەوا تەنیا دەوڵەتێکی بۆیاخکراوی چاکسازیکراوی دیموکراسی بە پاشایەتی "بران" دادەمەزرێت. بەلای منەوە ئەم خوێندنەوەیە تەنیا لە ڕووی فۆرماڵ و گوتارەوە دروستە، واتە تەنانەت گەر دێنێریسش بژیایە و ئەو سایکۆلۆژیای دڕندەیەشی نەدرایەتە پاڵ، ئەوا لە دوایین سنووردا تەنیا دەیتوانی دەوڵەتێکی چاکسازیکراو دابمەزرێنێتەوە، کەواتە با گریمانەی دوو گۆڕان لە سیناریۆکەدا بکەین و دیسانیش بۆچوونەکانی ژیژەک هەڵسەنگێنینەوە: یەکەمیان دێنێریس دەسەڵات دەگرێتە دەست. دووەمیان ئەوەی کە نامرێت. لە باشترین حاڵەتدا ڕووداوەکان ئاوا ڕوو دەدەن:

لە زنجیرەی کۆتاییدا دوو خواستەکەی دێنیریس لە گوتاردا دەپارێزرێن، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع لەیەک جودا دەبنەوە. یان دێنیرێس ئیتر شاژنێکە لەسەر تەختی ئاسنین و گۆڕینی جیهان تەنیا وێنەی باڵاکراوی ویستە

مەرگدۆستەکەیەتی، یان ئەوەی دەبوو دێنێرس شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە بێت و هەر لەو وەختەی زەنگەکانی شارەکە لێ درا لەسەر دراگۆنەکەی بهاتایەتە خوارەوە، ئەو کات دەبوو پەیڕەوی لە بنەمای ڕاستگۆیی بکات، ڕاستی ڕەچەڵەکی جۆن سنۆو بۆ خەڵک ئاشکرا بکات و ئیدی خەڵکی خۆیان پادشا، یان سەرۆک، یان حکوومەت بە دەنگدانێکی دیموکراسی هەڵبژێرن. ژیژەک ئەم ڕێگە دیموکراسییە ڕەت دەکاتەوە. کەواتە بە ڕاست ئەگەر شۆڕشگێڕەکان پەیڕەوی لە هەڵبژاردن ناکەن، ئەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە چیی دەکەن و چۆن دەسەڵات بەڕێوە دەبەن؟ سێ وەڵام هەیە: خاپوورکردنی دەسەڵات بە هەموو جۆرێک بێ ئەوەی هیچی لێ بمێنێتەوە، گەڕانەوە بۆ ژیان لە دۆخی سروشتیدا بە پۆزەتیڤ (ئانارشیزم) یان بە نێگەتیڤ (هۆبز). دووەم: هێشتنەوەی حکوومەتێکی ئیشرافی بۆ سەرپەرشتی ژیانی مەدەنیی خەڵک. سێیەم: دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و سەرجەم دامەزراوە زەرووریەکانی دیکە لەلایەن ڕابەرانی شۆڕشەوە و بوونی ڕابەر بە سەرۆکی دەوڵەت. کێشە تیۆرییەکانی ئەم سێ وەڵامە ئەمانەن: سەبارەت بە یەکەمیان: ناکرێت مرۆڤ لە کایۆسدا و بێ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بژی. کێشەی وەڵامی دووەمیان ئەوەیە، (گەر بە هەڵبژاردن نەبێ) چۆن و بە چ میکانیزمێک دەزگا و دەستەی بەڕێوەبەرانی دامەزراوە گشتی و لۆکاڵییەکان دیاری دەکرێن؟ کێشەی سێیەمیان: گەر دەوڵەت وەک خۆی ترانسێندنتاڵ بمێنێتەوە و لەلایەن ڕابەرانی شۆڕشەوە بەڕێوە ببرێت، کەواتە ئەمە مانای وایە لە باشترین حاڵەتدا (گەر دەوڵەتێکی زۆر دادپەروەریش بێ) تەنیا چاکسازییە لە دەوڵەتی پێشتردا، لە دەوڵەتێکی خراپەوە بۆ دەوڵەتێکی باشتر (نەک ژیانێکی باشتر). لەم حاڵەتەدا شۆڕش هیچ شتێکی ڕیشەیی نەگۆڕیوە. بە ڕەتکردنەوەی ئیختیاری یەکەمیان کە هەڵبژاردنی دیموکراسییە، ئەوا ڕێگەی دووەم ئەوەیە دێنێریس نەچێتە نێو خەڵک، بەڵکوو دوای لەنێوبردنی "شاژنە سێرسیی خراپەکار" بچێتە نێو قەڵاکان و لەسەر تەختی ئاسنین دابنیشێت. ئینجا لەوێوە جیهان بگۆڕێت. ئەم بژاردەیەش چەند کێشەیەکی هەیە. یەکەم، بە گوێرەی دۆلۆز وەختێ دێنێریس لەسەر تەخت دادەنیشێت، چرکەی دووەم دەست پێ دەکات کە ساتی گەڕانەوە نەزمە، بەم هۆیە ئەو چیتر شۆڕشگێڕ نییە، بەڵکوو پادشا یان سەرۆکی دەوڵەتە. ئایا پاشاکان دەتوانن شۆڕشگێڕ بن؟ مەسەلەکە ئەوەیە ژیژەک جووت ئامانجەکەی دێنێریسی خراپ، یان فۆرماڵ داڕشتۆتەوە: بەدەستهێنانی تەختی ئاسنین و گۆڕینی جیهان. دێنێریس خۆی هەر لە زنجیرەکانی سەرەتاوە هەوڵە سەرەکییەکەی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتە، ئێستا کە لێی نزیک دەبێتەوە نایەوێت دەستبەرداری ببێت تەنانەت بۆ عەشقەکە و بۆ میراتگری "ڕەوا"یش، بەم جۆرە تەنیا لەبەر دەسەڵاتی بنەماڵەیی ئارەزووی تەختی شاهانە دەکات و ئیدی

گۆڕانی جیهان دەچێتە دواوە. بە دەربڕینێکی تر، ئەو دەیەوێت جیهان بگۆڕێت بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، نایەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست تاوەکوو جیهان بگۆڕێت. دووەم، دێنێریس بەرلەوەی نوێنەری بێبەشان بێت، نوێنەری قەزێی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوایە کە تەختەکەیان دزاوە. مەگەر دەروونشیکاریش هەر خۆی زانستی "چێژی دزراو" نییە؟ ژێژەک دەیەوێت ئەم لایەنەی دۆزەکەی دێنیریس لەژێر لایەنی دووەمدا بشارێتەوە. دێنیریس تەنانەت ئەگەر نوێنەری بێبەشانیش بێت، هێشتا تەنیا دەتوانێت بە ئاستی جیاوازی باش یان خراپ "نوێنەرایەتی"یان بکات. بێبەشان خۆیان کێن؟ کێ نوێنەری ڕاستەقینەیانە و دواجار کێ شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەیە؟ بەلای منەوە کەسێکی دیکەی گرنگی نێو زنجیرەکە: "جۆن سنۆو"، هەمان ئەو کارەکتەرەی کە لە فیلمەکەدا هێندەی دێنیریس سەرەکییە و کەچی ژێژەک تەنیا یەک دێریشی لەسەر ناڵێت! کەسێک کە بەردەوام بە قووڵی دەچێتە دۆخی صیرورەکانەوە و تا کۆتایی وەک دەرکراوێک دەژی. بۆچی جۆن سنۆو نوێنەری بێبەشانە؟ چونکە هەم ئەوەی دێنیریس دەتوانێت بە بێبەشانی بدات (ئازادی و کەمکردنەوەی چینایەتی و..) سنۆویش دەتوانێ بیکات، هەمیش دوو خاڵی بەهێزی تری هەیە کە دێنیریس نییەتی: سنۆو خۆی بێبەش و سەرکوتکراوە، دووەم: بە کردەیی لە گۆڕینی جیهاندایە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی عەرشی ئاسنین بێت. کەواتە لە حزوری جۆن سنۆودا *نوێنەرایەتیی* دێنیریس بەتاڵ دەبێتەوە. با ئەم دووانە خاڵەی کۆتایی ڕوون بکەینەوە.

پێش هەموو شتێک "جۆن سنۆو" تا کۆتاییی فیلمەکە خۆی زۆڵێکە و بە گوێرەی هاوسەرگیرییەکی شەرعی لەدایک نەبووە، کەواتە یەکەم شتێک کە لێی بێبەشکراوە پێگەی بنەماڵە، ئیمتیازێکی تەقلدیی حوکمە. ئینجا بەو حاڵەیش چینێکی تری نهێنی دەنیشێتە سەر ئەم دۆخە بێ ئەسڵ و فەسڵییەی و دەیکات بە کەسێکی دووجار زۆڵ، ئەویش وەختێ دەبێتە زۆڵی "نێد ستارک"، نەک باوکی ڕاستەقینەی خۆی، سنۆو دەچێتە نێو صیرورەی بوون بە زۆڵ و بوون بە کوڕی نێد ستارکەوە، ئیدی وەک زۆڵێکی بێشوناس دەژی کە بە گوێرەی یاسا و ڕێساکان بۆی نییە ببێتە میراتگری هیچ تەختێکی پاشایەتی، چونکە ئەگەرچی دەبێتە ئەندامێکی بنەماڵەی ستارک، بەڵام بە گوێرەی یاساکانی حەوت شانشینەکە ناتوانێت نازناوی "ستارک" هەڵبگرێت. ئەم پەڵەیە هەتابێ گەورە دەبێ تاوەکوو دەگات بە دوورخستنەوەی بۆ *کاسڵ بلاک* و دەبێتە پاسەوانێکی ئاساییی شەو، کارێک کە تەنیا هەرچی و پەرچییەکان، زۆڵەکان، سزادراوەکان، هەڵهاتووانی جەنگ، تەمەڵ و شێتەکان، بە کورتی سەرجەم دەرکراوانی نێو کۆمەڵگە و دەزگاکانی دەوڵەت بە کردنی ناچار دەکرێن، واتە ئەوانەی کە هیچ

پێگەیەکی کۆمەڵایەتییان نییە یان لێیان سەندراوەتەوە. کۆیلە ڕاستە بێبەشە، بەڵام پلەی کۆمەڵایەتی هەیە، سوپای خەسێنراوان ڕاستە بێبەشن، بەڵام پلەی سیاسی و سەربازییان هەیە. تەنیا ئەوانەی لە کاسڵ بلاکن هیچ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان نییە، کەواتە ئەمانە بێبەشە ڕاستەقینەکانن. سنۆو وەک دەرکراوێک دەنێردرێت بۆ ئەوێ. لەوێ دەست دەکات بە گۆڕینی فەزای کاسڵ بلاک و ئەمەیش دیوێکی شۆڕشگێڕانەی ئەوە، بۆیە بێ خواستی خۆی دەچێتە صیرورەی بەسەرکردەبوونی بێبەشانەوە. ئەو دەچێتە دەرەوەی دیواری قەڵای سەهۆڵین بۆ نێو خەڵکە کێوییەکان، بۆ باکوری دوور و بۆ نێو جەرگەی دەسەڵاتی پاشای شەو، هێڵی هەڵهاتن لەنێو شانشینە ترسناکەکەیدا دەدۆزێتەوە. دەچێتە صیرورەی کێوییبوونەوە وەختێک دەچێتە نێو هۆزەکانی باکوور. دەچێتە صیرورەی بە پاشابوونەوە، بۆ ماوەیەکی کەم دەبێتە پاشا، بەڵام زوو لێی دەبێتەوە و دەچێتە دۆخگۆڕکێی دیکەوە. بۆ نموونە دەبێتە ئارکیۆلۆژ و دۆزرەوە؛ ئەو ئێسکی دراگۆن لە دراگنستۆن دەدۆزێتەوە، دەبێتە داهێنەری ماشێنی جەنگ دژ بە سوپای مردووەکان. دەچێتە صیرورەی عەشقەوە و عاشقی دێنێریس دەبێت و لە ڕێی عەشقەوە نەریتی میراتگیرانەی دەسەڵات دەگۆڕێت. ئەو دەچێتە صیرورەی بە "دێنیرێسبوون"ەوە وەختێ لە جەنگی مردووەکاندا دەچێتە سەر پشتی یەکێک لە دراگۆنەکانی شاژن، دڕەندەیەک کە هیچ کەسێکی تا ئەو ساتە نەیتوانیوە لێی نزیک ببێتەوە. بەم جۆرە پرسی جۆن سنۆو و دێنیرێس پرسی نێر و مێ نییە وەک دوو شوناسی جێگیر، بەڵکوو پرسی صەیرورەیە. دێنیرێس گەرچی مێینەیەکە، بەڵام تەواو هەڵگری بەها نێرسالارییەکانە؛ بە پێچەوانەوە، سنۆو گەرچی نێرینەیەکە، بەڵام دیوێکی مێینەیی لە کەسایەتییەکەیدا هەیە کە بەرەو صەیرورە مێینەکان دەیبەن، وای لێ دەکەن بێ خواستی خۆی خەبات بۆ گۆڕینی بەهاکان بکات. بە کورتی، جۆن سنۆو بەردەوام لە خۆگۆڕکێدایە و وا خەریکە شتەکانیش دەگۆڕێت بێ ئەوەی وەک دروشم و ئامانجی زەق و ڕەق بۆ خۆی و دەوروبەر دیاری کردبن. مەسەلەکە تەنیا ئەو حیکمەتە کۆن و سوواوە نییە کە ژیژەک بە تانەوە دەینووسێت "باشترین فەرمانڕەواکان ئەوانەن کە ئارەزووی دەسەڵات ناکەن". جۆن تەنیا بەو هۆیە فەرمانڕەوایەکی باش نییە کە "ئارەزووی ناکات" تا بە گوێرەی حیکمەتە کۆنەکە متمانەی پێ بکەین و ژیژەکیش ئەمە بە گەمژەیی تێبگات، بەڵکوو ئەوەیشە جۆن خۆی شۆڕشگێڕێکە و بگرە تاکە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی نێو درامەکەیە بێ هیچ ناونیشانێک، بی ئەوەی چاوەڕێ بێت عەرشی ئاسنین بگرێتە دەستخەریکی گۆڕینی دنیایە، هەتا پێگەکەیشی بەرزتر ببێتەوە و کەرەستەی گرنگتری دەست بکەوێت زیاتر توانای خۆی لەم پێناوەدا دەخاتەگەڕ. ئەو خۆی بە کردەیی لە گۆڕینی دنیادایە، بۆ نموونە گۆڕینی هۆزە

جەمسەرنشینە باکوورییەکان بۆ بەرگریکارانی دیواری سەهۆڵین، ئەم هۆزانەیش دەرکراوان و بێبەشانی لەمێژینەی نەزمی سیاسین کە بۆ ئەودیوی دیوارە گەورەکە دوور خراونەتەوە و خراپترین وێنەی وەحشیگەرانەیان لەسەر بەرهەمهێنراوە. لەبەر ئەمانە بە هیچ جۆرێک ناکرێت جۆن سنۆو تەنیا بکرێتە نوێنەری "ئیرادەی مانەوە" بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤ لە تیاچوونی یەکجارەکی. ڕاستە ئەمە کارە مەزنەکەی ئەو بوو، بەڵام بەبێ صیرورە شۆڕشگێڕییەکانی ئەو، ئەمە کاری نەکردە بوو. بەڵام جۆن سنۆو خۆی کێیە؟ یەک تاقمی فرەیی: جۆن سنۆوی زۆڵ، گورکەکەی، هاوڕێکانی، شمشێری ڤالێری؛ هەر لەبەر ئەمەیش سەرکردایەتییەکەی لە ڕێگەی خوێن و ناو و یاساوە نییە؛ ئەو وەک سێر داڤۆس دەڵێت "زۆڵێکی نەفرەتی"یە، بێ هیچ نازناوێک، نە فالووسی خەسێنراوانە و نە ڕزگارکەری کۆیلان، بەڵام یەک فرەیی بێڕەگە کە وەک ئاو دەجووڵێت. لە کاتێکدا دێنیریس هەڵگری سیفەتی خورافییەکانە: لە ئاگردا ناسووتێت (بەپێی دەروونشیکاری: چەپێنراو ناسووتێت)، خوێنی ئەژدیها لە لەشیدایە، کەسایەتی کاریزماتیک. لەبەر ئەوە گەلێک نازناوی لەیەک شاژنی ڕەها هەیە: تارگێری، خالیسی، دایکی دراگۆنەکان، ڕزگارگەری کۆیلان، میراتگری تەختی ئاسنین، نەسووتاو. وەک مۆریس بلانشۆ دەڵێت ئەخیل پاڵەوانە بەڵام ئاگامەنۆن پاشای پاشایانە.

بوونبە-ژنەکان بەردەوام لە سیاسەتدا هەن، وەک چۆن بە ستانداردبوونەکان لە دەوڵەتدا هەن. ستانداردی دەسەڵات هی پیاوانە، هەر ئەوەیە کە شاژنەکە بەرجەستەی دەکاتەوە ئەو ساتەی دەوڵەتەکە دەبێت بەهی ئەو: ناکۆتا خولیای دەسەڵات و لەم ڕێگایەوە کوشتنی خودی سیاسەت. بەڵام سنۆو لە ڕێگەی صیرورەی ژنەوە ژن دێنێتەوە نێو سیاسەت. ئەو سەرجەم ئەو سیفەتانە وەردەگرێت کە ژنی پێ دەناسرێتەوە و بە تایبەت دێنێریس، بە تەواوەتیش لەو ساتەدا دەبێتە دەنیریس کە هەم دەردەکەوێت لە خوێنی تارگێرییەکانە و هەمیش سواری پشتی یەکێک لە دراگۆنەکان دەبێت، ئیدی هیچ یەکێک لە توانا مرۆییەکانی دێنیریس نامێنێت جۆن سنۆو نەیبێت، بە پێچەوانەوە شاژنی ئەفسانەیی خاوەنی هیچ یەک لە تواناکانی سنۆو نییە، چونکە نەچووەتە نێو صیرورەی بوون-بەدەرکراوی جۆن سنۆوە.

دواجار، ئەگەر پچرانێک لە بونیادی گێڕانەوەیی حیکایەتەکەدا هەبێت، ئەوا دروستکردنەوەی بنەماڵە و نەسەبە بۆ باستاردەکەی وینتەرفاڵ، بۆ جۆن سنۆو؛ ئەمەیش تەواو لە هەوڵەکەی فرۆید دەچێت لە "موسا و یەکتاپەرستی"دا. لەوێدا فرۆید بە دەیان گریمانە دەیەوێت نەسەبی پاشایەتیی فیرعەونی بۆ موسای بێ ئەسڵوفەسڵ دروست بکاتەوە، چونکە دەروونشیکاری هیچ شتێکی نییە

دەربارەی "زۆڵێتی"، دەربارەی "بێ نەسەبی" بیلێت؛ نەک تەنیا بە واتا کۆمەڵایەتییەکەی، بەڵکوو بە واتا سیاسییەکەیشی. بۆ ئەوەی جۆن سنۆو هەموو ئەو شتانە بکات کە کردنی، هیچ پێویستی بەوە نەبوو ئەسڵوفەسڵی هەبێت، بەڵام دروستکردنەوەی نەسەبێکی درەنگوەخت، هیچ لە صەیرورە باستاردییەکەیشی ناگۆڕێت. ئەو بە زاراوەی مۆریس بلانشۆ پاڵەوانە و پاشا نییە. بلانشۆ لە *وتووێژی ناکۆتا*دا لایوایە پاڵەوان پێویستی بە *دەستپێکردن*beginningـە، نەک بە ئەسڵorigin:

«لەنێوان ئەسڵ و دەستپێکردندا پەیوەندییەکی تاریک هەیە کە ڕێک پاڵەوان *hero* یارمەتیمان دەدات لێی تێبگەین. ئەسڵ دەستپێکردن نییە؛ لەنێوان ئەم دووانەدا مەودایەک و بگرە نادڵنیاییەک هەیە. ئەسڵ دژ بە ناڕوونی، دڵنیاییبەخشە، کەچی خۆیشی هەر ناڕوونە.[...] تەنانەت بە ئەسڵێکی خوداییشەوە، هەر کەسێک دەبێت وەک مرۆڤ لەدایک ببێت: ئەو چاوەڕوانکراوە، بەڵام خۆی چاوەڕوانی خۆی کردووە تا دەست پێ بکات.[...] بەر لەوەی ئەو [پاڵەوان]خۆی سەلماندبێت، هیچ شتێک ئەوی وەک منداڵێک بەوز بەرزییەوە دانەناوە؛ بە پێچەوانەوە، ئەو تەنیا زۆڵێکە بەبێ نەسەب- تەنانەت ناشەرعیبوونەکەی هانی دەدات خۆی بناسێت.[...]

سەرڕاستیی ئەو لە ویستە قارەمانانەکانیدا ئاڵۆزیی ئەو ڕوون ناکەنەوە. ئەو تەنانەت ئەگەر درۆیش نەکات، ئەوا لە لێواری ساختەبووندایە، جەوهەرەکەی سەرلێشێوێنەرە. سادەییەکەی، لە ڕاستیدا ساویلکەییەکەی بەو دووڕەگییە بەتاڵ دەبێتەوە کە لە بوونیدا هەڵکۆڵراوە: بەم جۆرە ئەو بەسەر ئەسڵ و دەستپێکردندا دابەش بووە، بەسەر بوون و کردە، سیحر و هێز، هێز و سەروەریتی، سەربڵندی و تاج، پێگە و خوێندا. نەک هەر ئەوەندە، بگرە: بەسەر وتن و کردنیشدا»[3].

ئەوانەی کە زنجیرەکەیان بینیووە، دەزانن کە ئەم شرۆڤەیەی بلانشۆ بۆ پاڵەوان دەڵێی کتومت لەبەر ڕۆشناییی کەسایەتی جۆن سنۆودا نووسراوە.

کەواتە دەبوو لەنێوان دێنیریس و جۆن سنۆودا کامیان هەڵبژێردرێن؟ با بڵێین دەرهێنەر، دەنیرێس هەڵدەبژێرێت، ئەو کات دەوڵەتێکی ئۆلیگارشیی ئەفلاتوونی، دەوڵەتی ستەمکار- حەکیم [دێنیرێس-تایرۆن لانستەر] دادەمەزرا، لەمەیشدا کوشتنی جۆن سنۆو حەتمی بوو، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی میراتگری ڕاستەقینەی دەسەڵاتە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی تاکە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی نێو شانشینەکانە؛ زنجیرەکەیش هەمان ئەنجامی کوژرانی دێنێریسی کەمێک بە جیاوازییەوە پیشان دەدا، ئەو کات ڕەنگە ژیژەک لەم مەرگە بێدەنگ بووایە بەڵام ڕانسێر دەهاتە دەنگ. کەواتە وا باشترە دەرهێنەر هیچیان هەڵنەبژێرێت و خۆی لەم تەنگژەی

ئەم یان ئەوە، لە ستەمکاری و لە شۆڕشگێڕی ڕزگار بکات. ئەمە ئەو گرێکوێرەیە کە لە زنجیرەی کۆتاییدا بە شێوەیەکی هەم لاواز و هەم زیرەکانە حەل کراوە. سیناریۆ دژە شۆڕشگێڕییەکەی فیلمەکە تەنیا لەوێدا نییە دینێریس دەکوژرێت، بەڵکوو ئەوەیشە کە جۆن سنۆو لە شۆڕشگێڕێکی دیموکراسیخوازەوە دەکرێتە بکوژی شاژنی مەعشوقەی، بەم جۆرە بوون-بە تاوانبار دوایین صیرورەی جۆن سنۆو و یەکەمین دوورخستنەوەی دەوڵەتە نوێیەکەی برانی کەم ئەندامە؛ لەم ڕێگەی ئەم "نەفی"یەوە ڕێگری لە دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دەکرێت؛ چونکە لە ڕێگەی جۆن سنۆوە ئەو شتە سەرپێ دەکەوت کە ژاک ڕانسیێر وەک دیموکراسییەتی ڕاستەقینە پێناسەی دەکات: حوکمی ئەوانەی کە مافی حوکمکردنیان نییە، حوکمی دەرکراوان لە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، حوکمی "بێناونیشانەکان"، هەمان دەوڵەتی ڕاستەقینەی دیموکراسیی شۆڕشگێڕان. بەڵام دیسان ئەمەیش دەبێت ڕەت بکرێتەوە لەبری ئەوە دەوڵەتێکی ئۆلیگارشی بە بۆیاخی دیموکراسییەوە دابمەزرێنن کە لایەنیکەمی عەدالەتی تێدا بەرقەرار بێت، بەڵام چ جۆرە عەدالەتێک؟

## سەرچاوەکان:

1. بۆ وتارەکەی ژیژەک بە زمانی کوردی، کلیک لەسەر ئەم لینکە بکە:

https://tinyurl.com/2e74rq4k

2. بۆ وتارەکەی ژیژەک بە زمانی ئینگلیزی، کلیک لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە بکە:

http://myheartwillgoonandsoonandsoon.blogspot.com/2019/05/slavoj-zizek-game-of-thrones-tapped.html

یاخود لە ڕێگەی سایتی ئیندیپێندنتەوە:

https://www.independent.co.uk/voices/game-thrones-season-8-finale-bran-daenerys-cersei-jon-snow-zizek-revolution-a8923371.html?utm_medium=Social&utm_source=Twitter#Echobox=1558439201

3. MauriceBlanchot: The Infinite Conversation, Translated and Foreword by Susan Hanson, Theory and History of Literature, Vol. 82, University of Minnesota Press, Minneapolis and London, 1993, p. 369-370.